# شێوازی بەکارهێنانی کەوانی ئامێری کەمان
# (تیپی موزیکی هەولێر وەک نمونەیەک)

ID No. 137

(PP 100 - 120)

https://doi.org/10.21271/zjhs.26.3.7

**کاوان احمد الیاس** **هەژار احمد مصطفی**

بەشی موزیک- کۆلێژی هونەرە جوانەکان / زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر

kawan.elias@su.edu.krd hazhar.mustafa@su.edu.krd

**وەگـــــــرتن : 2021/12/10**

**پەسندکردن : 2022/03/03**

**بڵاوکردنەوە : 2022/06/28**

**پوختە**

کەوانی ئامێری کەمان بە یەکێک لە کەرەستە هەرە گرنگەکانی بەجێهێنانی موزیک ( Music Performance ) دادەندرێت. موزیک بە گشتی و نۆتەی موزیک بە تایبەتی لە گوزارشتکردندا گەلێک هێما و جوانکاری تایبەت بەخۆی بۆ دەربرینی بە شێوەیەکی زانستی هەیە. لەم چوارچێوەیەدا کەوانی ئامێری کەمان چەندین تەکنیک و تایبەتمەندی تایبەت بەخۆی هەیە کە بەهۆی جێبەجێکردن و بەجێهێنانیان لەلایەن ژەنیارەکان بە ئەنجام دەگەیەندرێت. هێما و تەکنیکەکانی نۆتە موزیکی لە نێو سکۆرە موزیکیاکاندا لە ئامێرێک بۆ ئامێرێکی دیکە جیاوازە، بۆیە توێژەران لەم توێژینەوەدا ڕۆڵ و تایبەتمەندی و شێوازی بەکارهێنانی کەوانی ئامێری کەمانیان ڕوونکردۆتەوە. چونکە زۆرترین تەکنیکی ئامێرەکە بەهۆی کەوانەوە ئەنجام دەدرێت. هەروەها ڕۆڵی سەرجەم تەکنیکەکانی تایبەت بە کەوانی ئامێری کەمان، کە لە تیپی موزیکی هەولێر بەکارهێنراون خراوەتە بەر باس و هۆکاری بەکارنەهێنانی هەندێک لە تەکنیکەکان لە تیپی ناوبراودا خراوەتەڕوو. لە ژێر ئەم ڕۆشناییە، توێژەران بە گرنگیان زانی ڕۆڵ و پێگەی ئەم ئامێرە لە چوارچێوەی توێژینەوەیەکدا بۆ خوێنەرانی بواری موزیک بخەنە بەر تیشکی ئەم توێژینەوەیە.

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی شیکاری و وەسفی یە، توێژەران لەم توێژینەوەدا بە شێوەیەکی زانستی شیکردنەوەو شرۆڤە لەسەر شێوازی بەکارهێنانی کەوانی ئامێری کەمان لە تیپی موزیکی هەولێر دەخەنەڕوو, ئامێری کەمان بە یەکێك لە ئامێرە ژێدارە کەوانییەکان پێناس دەکرێت و پێگەو تایبەتمەندی ئەم ئامێرە لەگەڵ ئامێرەکانی دیکە جیاوازە لە بەکارهێنانی تەکنیکەکانی بەجێهێنان بە کەوان, ئەم ئامێرە لە مێژووی تیپی موزیکی هەولێر کاریگەری و ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە نێو ئامێرە موزیکیەکانی ئەم تیپە لە بەرهەمەکانیاندا, بۆیە توێژەران بە پێویستیان زانی توێژینەوەیەکی زانستی تایبەت بە شێواز و تەکنیکەکانی کەوانی ئامێری کەمان لە تیپی موزیکی هەولێر ئەنجام بدەن.

ناوەڕۆکی و میتۆدی ئەم توێژینەوەیە لە چەند بابەتێك پێکهاتووە: باسی یەکەمی توێژینەوە تایبەتە بە ناساندنی ئامێری کەمان, دواتر پێناسەی کەوان و لایەنی مێژوویی شیکراوەتەوە, هەروەها جۆرەکانی کەوانی ئامێری کەمان بە پێی سەردەمە جیاوازەکانی موزیك خراوەتەڕوو و هەروەها شیکراونەتەوە و باسی پێکهاتەی کەوانی ئامێرە کەمان کراوە و کە لە چەند بەش پێکهاتووە و هەر یەك لە بەشەکان گرنگیان چی یە, دواتر ئاراستەکانی کەوانی ئامێری کەمان گرنگی پێدراوەو, هەروەها چۆنیەتی گرتنی کەوانی ئامێری کەمان بە شێوە زانستیەکەی ڕوونکراواتەوە. شیکردنەوە و بەجێهێنانی شێواز و تەکنیکەکانی کەوانی ئامێری کەمان باسێکی دیکەی توێژینەوەکەیە کە تەکنیکەکان و شێوازەکانی پەیوەست بە کەوانی ئامێری کەمان لە چەند لایەنێکەوە باس کراوە. لەوانە نموونە داینەمیکەکان و جێبەجێکردنیان بە کەوانی ئامێری کەمان, خێرایی کەوان, کێش, خاڵی پەیوەندی لە کەوان. هەروەها دواتر باسێکی گشتگیر لەسەر تەکنیك و گوزارشتەکانی کەوانی ئامێری کەمان خراوەتەڕوو کە ژمارەی تەکنیکەکانی بریتییە لە (٢٤) تەکنیك. دوای تەواو بوونی ئەم باسانە باسێکی بابەتیانە لەسەر مێژووی تیپی موزیکی هەولێر ( تیپی هونەری هەولێر ) خراوەتەڕوو, بەکارهێنانی شێواز و تەکنیکەکانی تایبەت بە کەوانی ئامێری کەمان لە نێو کارەکانی تیپی موزیکی هەولێر خراوەتەڕوو گشت ئەم تەکنیك و شێوازانەی تایبەتن بە کەوان وە بەکارهێنان و بەکارنەهێنانیان بە نموونەی نۆ-تەیی و پشت بەستن بە سەرچاوەکان شیکراوەتەوە.

**کلیلی وشەکان:** کەوانی ئامێری کەمان, ئامێری کەمان, تیپی موزیکی , تیپی موزیکی هەولێر.

## 1. کێشە و گرنگی توێژینەوە:

هەموو توێژینەوەیەک لە ئەنجامی هەستکردن بە بوونی کۆمەڵێک کێشە و گرنگی ئەنجام دەدرێت، کە توێژەر هەست بەبوونیان دەکات و کێشەکان بۆ خوێنەر ڕوون دەکاتەوە و ئاشکرایان دەکات. لەم ڕوانگەوە کێشەکانی ئەم توێژینەوەیە لە کۆمەڵێک لایەن

خۆیان دەبیننەوە، وەک خستنەکار و بەکارهێنانی نازانستیی کەوانی ئامێری کەمان و فەرامۆشکردنی زۆرێک لە تەکنیکەکانی لە لایەن ژەنیارانی نێو تیپی موزیکی هەولێر بە تایبەتی و هەموو تیپە موزیکییەکانی ڕۆژهەڵات و ناوچەکە، کە خۆیان لە کۆمەڵێک تەکنیکی تایبەت بە ئامێرەکە دەبیننەوە، وەک کەم شارەزایی ژەنیارانی تیپەکان لە خوێندنەوەی نۆتە و جێبەجێکردنی وردەکارییەکانی نێو نۆتەی موزیک، بەردەست نەبوونی میتۆدی زانستی تایبەت به ئامێری کەمان.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە شێوازی بەکارهێنانی کەوانی ئامێری کەمان لە تیپی موزیکی هەولێر دەخاتەڕوو, چونکە کەوان بە یەکێك لە پێکهاتە و کەرەستە گرنگەکانی ئامێری کەمان دادەنرێت, لە زۆرینەی گروپە موزیکییەکانی شاری هەولێر بە گشتی و تیپی موزیکی هەولێر بەتایبەتی بوونی هەیە و بە ئامێرێکی سەرەکی گروپە موزیکیەکان دادەنرێت, ئەم توێژینەوە بۆ گشت نێوەندە زانستیەکان بەسودە بۆ نموونە ( پەیمانگاکان و کۆلێژەکانی هونەرە جوانەکان لە هەرێمی کوردستان چونکە توێژینەوەی زانستی تایبەت بەم ناونیشانە پێشتر ئەنجام نەدراوە, زۆرترین ئەم تەکنیکانەی بە ئامێری کەمان دێتە بەجێهێنان بەهۆی کەوانەوە ئەنجام دەدرێت, شارەزابوونی ژەنیارانی کورد بە شێوازە دروست و زانستییەکەی ئەنجامدانی کەوانی ئامێری کەمان, ڕۆڵ و ڕێژەی بەکارهێنانی تەکنیکەکانی کەوانی ئامێری کەمان لە تیپی موزیکی هەولێر خراوەتەڕوو.

**2. ئامانجی توێژینەوە:**

شرۆڤەکردنی شێوازی بەکارهێنانی کەوانی ئامێری کەمان لە تیپی موزیکی هەولێر، هەروەها ناساندن و شیکردنەوەی تەکنیک و شێوازەکانی کەوانی ئامێری کەمان بە شێوەیەکی زانستی بۆ ئاشنابوونی خوێنەرانی بواری موزیک و خستنەڕووی تایبەتمەندی و گرنگی کەوانی ئامێری کەمان لە بەجێهێناندا.

**3. سنورەکانی توێژینەوە:**

1.3 سنوری جوگرافی: سنوری جوگرافی ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە تیپی موزیکی هەولێر لە شاری هەولێر.

2.3 سنووری مێژوویی: مێژووی تیپی موزیکی هەولێر ساڵی (١٩٧٠) تا (١٩٨٠).

3.3 سنوری بابەتی: شێوازی بەکارهێنانی کەوانی ئامێری کەمان لە تیپی موزیکی هەولێر.

**4.میتۆدۆلۆجی**

**1.4 باسێکی کورت لەسەر ئامێری کەمان:**

بە یەکێک لە گرنگترین و سەرەکیترین ئامێرەکان دادەنرێت لە نێو گروپە موزیکیە ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتیە جیاوازەکان و لە گشت شێوازە جیاوازەکانی نێو موزیك بەکاردەهێنرێت. ژمارەی ژەنیارەکانی لە نێو تیپەکاندا هەمیشە زیاترە و ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە بەجێهێناندا. ( صالح,٢٠١٥,ل: ١٣٩-١٣٧ ), (سەگرمە, ٢٠٠٥,ل: ٣٤٦) , ( Rapoport,2008, p: 31)

بە زمانە باوە جیهانییەکەی هەمیشە بە ( violin ) ناودەبرێت بەڵام بە ئینگلیزی پێی دەوترێت ( Fiddle ) بە یەکێك لە ئامێرە گروپە ژێدارە کەوانەییەکان دادەنرێت. ئامێرە ژێدارە کەوانەییەکان بریتین لە ئامێرەکانی ( ڤایۆلین, ڤیۆلا, ڤیۆلنسێل, کۆنتراباس ) لە ڕووی مێژوویەوە کەمان لە سەردەمی ڕێنیسانس سەریهەڵداوە و بە چەندین شێواز گۆڕانکاری بەسەر داهاتووە و پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە. ئەندریا ئاماتی لە (١٥١١ تا ١٥٧٧ ) بە یەکەم دروستکەری ئامێری کەمان دادەنرێت لە کریمۆنا , ئەم ئامێرە لە چوار ژێ پێك دێت کە ناوەکانیان بریتین لە ( می, لا, رێ, صۆڵ ) بە زمانی ئینگلیزی ( E, A, D, G ) ناسراون. کلیلی ( صۆڵ) ی بۆ بەکاردێت، بە لەرینەوەی ئەم ژێیانە بە هۆی کەوان یان پەنجە دەنگەکان بەرهەم دێن. کە دەنگەوارەکەی بریتییە لە ( G3-A7 ) کە دەکاتە نزیکەی چوار ئۆکتاڤ. بەناوبانگترین دروستکەرانی ئامێرەکە بریتین لە ( Guarneri ,Stradivari , Amati ). لە کۆتایی سەدەی حەڤدە و سەرەتای سەدەی هەژدەم ئامێرەکە شێوەی ئێستای وەرگرت و بە جێگیری ماوەتەوە.

**2.4 کەوان (Bow):**

بە یەکێك لە بەشە سەرەکییەکانی ئامێری کەمان دادەنرێت, کە بە هۆیەوە ئامێرەکە دەژەنرێت. (Rapoport,2008, p: 35)

**3.4 کەوان لە ڕووی مێژوویەوە:**

کە دەڵێین مێژووی کەوانی ئامێری کەمان واتە مێژووی دەنگی ئامێری کەمان، چونکە کەوان بەشیکی سەرەکییە لە ئامێرەکەدا و گیان بە ئامێرەکە دەبەخشێت. بە پێی سەردەمە جیاوازەکانی موزیك لە ڕووی شێوە و قەبارەوە گۆڕان و پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە, بێگومان هۆکاری ئەم پێشکەوتن و گۆڕانکاریانەی کەوانی ئامێری کەمان، دەگەڕێتەوە بۆ ئەم پێشکەوتنانەی کە بە پێی سەردەمە جیاوازەکان بە سەر ئامێری کەماندا هاتووە. هەمیشە کەوان بە ڕۆحی ئامێری کەمان دادەنرێت،

چونکە هۆکارێکە بۆ بەرهەمهێنانی ڕەنگی دەنگی ئامێرەکە.( Boyden,1965, p: 263)، (www.corilon.com. 2021, online).
بەرهەمهێنانی دەنگەکانی ئامێرەکە لە ڕێگای کەوانەوە بەرهەم دێن، هەمیشە بە دەستی ڕاستی ژەنیاری ئامێرەکە جێگیر دەکرێت. ( Chihiro Murakawa, www.yamaha.com. 2021, online)، (صالح,٢٠١٥, ل: ١٣٨).

**4.4 جۆرەکانی کەوانی ئامێری کەمان بە پێی سەردەمەکانی موزیک:**

**1.4.4 کەوانی ئامێری کەمان لە سەردەمی باڕۆك (١٦٠٠ – ١٧٦٠):**

سەرەتای دروستبوونی کەوان لەو سەردەمە درێژیەکەی ٢٠ تا ٣٠ سانتیمەتر بوو، واتە بەراورد بە شێوەی ئێستای کورتتر بوو. بۆ نموونە کەوانی فەرەنسی کەوانێکی کورت بووە بۆ موزیکە سەماییەکان بەکارهێنراوە لەم سەردەمەدا , بەڵام کەوان بوو بە بەشێك لە شۆڕشی موزیکی و گۆڕانی بەسەر داهات کە پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی بۆ ئەنجامدانی کارە موزیکیەکان، دیزاینی کەوانی ئامێری کەمانی واتە درێژیەکە و قەبارەکەی پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینی، کە دروستبوونی کەوانی باڕۆك کێشەکانی بەجێهێنانی زۆرترین دانراوی موزیکی چارەسەرکرد. کە شێوەی جیاواز بوو لەگەڵ ئەم کەوانەی کە ئێستا بە شێوە جیهانیەکەی بەکاردەهێنرێت. ( فەرەج, ٢٠٠٥, ل: ١٩٩ )، (Rapoport,2008, p: 75 ).

گرنگترین نموونە باوەکانی کەوانی ئامێری کەمان لە سەردەمی باڕۆك بە پێی ساڵ و گۆڕانکاریەکانی لە لایەن ئەم شارەزایان کە کاریان لەسەر ئەم گۆڕانکاری و پێشکەوتنانە کردووە: ئەمانەی خوارەوەن.

- Mersenne
- Kircher
- Castrovillari
- Bassani
- Corelli
- Tartini
- Cramer
- Viotti




(Fétis., 1864, p: 112-113)

**2.4.4 کەوانی ئامێری کەمان لە سەردەمی کلاسیکدا (١٧٥٠ – ١٨٢٠):**

هەندێك کات بە گواستنەوەی کەوان ناودەبرێت ( transitional bow ) چونکە بە هەمان شێوەی سەردەمی باڕۆك کەوان هەمیشە لە پێشکەوتندا بووە, بە هۆی گۆڕانە خێراکانی موزیکی سەردەمی کلاسیك و ستایلی دانەرانی ئەم سەردەمە ئەم گۆڕانکاریانە لە کەوانی ئامێری کەمان هاتە کایەوە. کە فۆڕمی موزیکی سیمفۆنیایان بە ئەنجام گەیاند و پێویستیان بە هێزێکی زیاتربوو بۆ دەرخستن و بەجێهێنانی دەنگی ئامێری کەمان. هەروەها لە ڕووی شێواز و تەکنیك و داینەمیکەوە ئەم سەردەمە پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، کە ئەمە بووە هۆکارێك بۆ پێشخستنی کەوانی ئامێری کەمان تا بە هۆیەوە زۆرترین تەکنیك بژەنرێت. بۆیە گۆڕانکاری زیاتر لە درێژیەکەی دا کرا و گەیەنرایە (٦٦ ) سم کە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ سەردەمی بارۆکدا هەبوو.

نموونەی کەوان لە سەردەمی کلاسیکدا transitional bow

**3.4.4 کەوانی ئامێری کەمانی مۆدێرن:**

هەر کاتێك ناوی کەوانی مۆدێرن دێت ناوی  Fétis Xavier Tourte دەبێت ئاماژەی پێبدرێت کەسایەتیەکی فەرەنسیە بە دروسکەری کەوانی مۆدێرن دادەنرێت, زۆرترین گۆڕانکاری لە بەش و پارچەکانی کەوانی ئامێری کەمان و پێشکەوتنێکی بەرچاوی بینی ئەم شێوە کەوانەی ئەم کەسایەتیە تا ئەمڕۆش بەکاردەهێنرێت بووەتە شێوەیەکی جێگیرکراو بۆ دروستکەرانی کەوان. درێژی کەوانەکە ٧٤-٧٥ سم درێژە. ( Stowell, 2001, p: 40-44 )



**4.4.4 پێکهاتە و بەشەکانی کەوانی ئامێری کەمان:**

ئەم ئامێرە لە چەند بەشێکی جیاواز پێکدێت کە هەر بەشەی تایبەتمەندی و گرنگی خۆی هەیە لە بەجێهێناندا, کوالێتی ئەم شوێنەی کە دروستی دەکات و ئەم ماددانەی بەکاری دەهێنێت کاردەکاتە سەر کوالێتی دەرچوونی دەنگ و تەکنیکەکان درێژیەکەی ٧٥ سم دەبێت. (Galamian, 1985, p: 44) , (Rapoport,2008, p: 77),(www.violinspiration.com. 2021, online)




**1.4.4.4 the stick bow:  داری کەوان**

بەشە زۆرینەو گرنگەکەی کەوان پێکدەهێنێت, هەمیشە  شێوەیەکی کەوانەیی هەیە  بەشە ڕەسەن و کوالێتی نایابەکەی لە داری Pernambuco دروستدەکرێت, هەروەها بەشی ژێرەوەی کەوانەکە کە ئەم شوێنەی پەنجەکان تێیدا جێگیر دەبێت لە ماددەی carbon fiber و glass fiber ڕووپۆش دەکرێت بۆ ئەوەی ژەنیار پەنجەکانی بە جێگیری بمینێتەوە و توشی خزان نەبێت. (Rapoport,2008, p:  ,(Seidel, 2005, p: 25) ,(Bang, 2001, p: 7) ,(Rhoda, 2000, p: 3) ,(www.yamaha.com. 2021, online) .77)




**2.4.4.4 The balance point: خاڵی هاوسەنگی**

ئەم شوێنەیە لە بەشی خوارەوەی Stick سەرچاوە دەگرێت بۆ زانینی  خاڵی هاوسەنگی کەوان بەکاردەهێنرێت واتە بۆ زانینی باڵانسی تەواوی کەوانەکە ٣/١ ی بەشی کەوانەکە دەگیرێت بە پەنجە خاڵەکە دیاریدەکرێت, دەبێت کەوانەکە بە شێوەیەکی ڕێك و باڵانسێکی تەواو بوەستێت. ( Galamian, 1985, p: 44),. (www.violinspiration.com. 2021, online ).



**The upper half of the bow stick 3.4.4.4: نیوەی بەشی سەرەوەی داری کەوان**

واتە بەشی سەرەوەی stick ئەم بەشەی کەوان دەکەوێتە نێوان ناوەڕاستی کەوان و بەشی tip کە بەشی سەرەوەی stick زیاتر لەکاتی بەجێهێنانی دەنگێکی نەرم و بێهێز بەکاردەهێنرێت, بە پێی سروشتی دروستبوونی کەوان ئەم بەشەی سەرەوەی کەوان بێهێزترە لە بەشی خوارەوە بۆیە هەمیشە تەکنیك و داینەمیکی هێمنەکان بەم بەشەی کەوان دەژەنرێت. ( Galamian, 1985, p: 44), ( www.violinspiration.com. 2021, online).




**Lower Half of the Bow Stick 4.4.4.4: نیوەی بەشی خوارەوەی داری کەوان**

واتە بەشی خوارەوەی stick ئەم بەشەی کەوان دەکەوێتە نێوان ناوەڕاستی کەوان و بەشی frog کە کۆتا بەشی خوارەوەی Stick لەکاتی بەجێهێنانی بە پێی سروشتی دروستبوونی کەوان ئەم بەشەی خوارەوەی کەوان بەهێزترە لە بەشی سەرەوە بۆیە هەمیشە تەکنیك و داینەمیکە توند و بەهێزەکان بەم بەشەی کەوان دەژەنرێت. ( Seidel , 2005, p: 25 ), ( Galamian, 1985, p: 44), ( www.violinspiration.com. 2021, online).




**The middle of the bow stick 5.4.4.4: ناوەڕاستی داری کەوان**

واتە بەشی ناوەڕاستی Stick زۆرترین پێکهاتەی ژەنین لەخۆ دەگرێت ئەم بەشەی Stick بە شێوەیەکی بەرچاو بەکاردەهێنرێت بە بەراورد لەگەڵ بەشەکانی سەرەوە و خوارەوە هەمیشە خاڵی دەسپێکی ئاستە سەرەتاییەکانی فێربوونی کەوان لەلایەن فێرخوازانەوە سەرەتا لەم شوێنەوە ڕاهێنانیان پێدەکرێت و هەمیشە باڵانسی هەیە بۆ ژەنینی داینامیك و تەکنیکە ماماوەندەکان بەکاردەهێنرێت.( www.violinspiration.com. 2021, online), (Galamian, 1985, p: 44)




**Bow Hair 6.4.4.4: ڕیشەی کەوان**

بە بەشە گرنگ و ناوازەکەی ئامێری کەوان دادەنرێت و هەمیشە لە تاڵی کلکی ئەسپ دروستدەکرێت,باشترین تالیش بۆ دروستکردنی تاڵی ئەسپی مەنگۆڵ ی سیبیریە, هۆکارەکەشی بەهێزی ئەم تاڵانەیە کە بە ئاسانی ناپچڕێت, هەندێك جار لە کەوانی مۆدێرن مادەی نایلۆن بەکاردەهێنن بۆ دروستکردنی Hair, ژمارەی تاڵەکانی نزیکەی ( ١٥٠ ) تاڵ دەبێت. بەشی ژێرەو و خوارەوەی کەوانەکە بەیەکەوە دەبەستێت, بە پۆدرەیەکی تایبەت چینی ژێرەوەی پڕ رووپۆش دەکرێت, بۆ ئەنجامدان, بەجێهێنان و لەرینەوەی ژێیەکانی ئامێری کەمان بەکاردەهێنرێت, بە خشانی تاڵەکانی کەوان بە ژێیەکان دەنگەکان دەردەچن. (قەرەداغی, ٢٠١٠, ل: ٦٢ ), (www.yamaha.com. 2021, online), (Rhoda, 2000, p: 3), (Bang, 2001, p: 7), (Seidel, 2005, p: 25), (Rapoport,2008, p: 77).




**Violin Bow Tip 7.4.4.4: سەری سەرەوەی کەوانی کەمان**

بەشی کۆتایی سەرەوەی stick پێکدەهێنێت, Hair لەم بەشە جێگیر دەکرێت, ئەم بەشەیان زۆر گرنگە دەبێت بە شێوە ئەندازەیەکی دروست و ڕاست دروست بکرێت لە لایەن کۆمپانیای دروستکراوەوە, نابێت کێشی زۆربێت وە بەهەمان شێوە نابێت کێشی کەم بێت . ( Rhoda , 2000, p: 3 ) ,( Bang , 2001, p: 7 ) ,( Seidel , 2005, p: 25 ) ,(Rapoport,2008, p: 77).




**Violin Bow Tip Plate 8.4.4.4: پلێتی سەرەوەی کەوانی کەمان**

ئەم بەشەیان پەیوەندی بە tip هەیە کە لە بەشی سەرەوەی کەوانە, زیاتر بۆ پاراستنی ئەم بەشە بەکاردەهێنرێت و لە ماددەی زیو دروستدەکرێت. ( Galamian, 1985, p: 44),. (www.violinspiration.com. 2021, online ).




**Violin Bow Winding 9.4.4.4: پێچی کەوانی کەمان**

ئەم بەشەیان بەرگێکی چەرمی هەیە, بۆ پاراستنی Stick بەکاردەهێنرێت چونکە پەنجەی ژەنیار بە شێوەیەکی بەردەوام لەسەر ئەم شوێنەیە , بۆ ئاسانکردن و جێگیرکردنی پەنجەی ژەنیار بەسوودە دووردەبێت لە خلیسکانی پەنجە, لە ماددەی کانزایی دروست دەکرێت, بۆ نموونە : ستیل, زیو و زێڕ.(www.violinspiration.com. 2021, online) و( Bang , 2001, p: 7 ) ,(Rapoport,2008, p: 77).




**Thumb Leather 10.4.4.4: چەرمی پەنجە**

پێکهاتەی ئەم بەشە لە ماددەی چەرم دروستدەکرێت, بۆ پاراستنی داری کەوانە کاتێك ژەنیار پەنجەی لەسەر دادەنێت, هەندێك جار لە پلاستیك دروستدەکرێت بەڵام زۆر بە دەگمەن. (www.yamaha.com. 2021, online), (Seidel, 2005, p: 25), (Rapoport,2008, p: 77).



**11.4.4.4 Violin Bow Frog: فرۆگی کەوانی کەمان**

ئەم بەش بچوکەی کەوانە کە لە داری ئەبانۆس دروست دەکرێت و بەشێکی کەوان پێکدەهێنێت, کە لە بەشی خوارەوەی کەوانەکەیە, ئەم پارچەیە بۆ جێگیرکردنی دارەکە واتە stick و هەمیشە Hair کەوانەکە لە نێویدا جێگیر دەکرێت و دروستکەری بۆشاییە لە نێوان stick و Hair ی کەوان, پەنجەکانی سێیەم و چوارەمی لەسەر دادەنرێت و بۆ جولە جیاوازەکانی ئەنجامدانی کەوان, هەمیشە لە جولە دایە واتە بۆ پێش و دواوە جولە دەکات لەگەڵ خولانەوەی screw بۆ کۆک کردن. ( Bang , 2001, p: 7 ),( Seidel , 2005, p: 25 ),(Rapoport,2008, p: 77) .




**12.4.4.4 Eye of the Frog: چاوی فرۆگ**

ئەم بەشەی پەیوەندی بە Frog وە هەیە لە ماددەی ( زیو, زێڕ, نیکل) دروستدەکرێت, کە بە شێوەیەکی بازنەیی سپی دادەنرێت هەندێك جار بە چاوی فرسی ناودەبرێت.(Rapoport,2008, p: 77), ( www.violinspiration.com. 2021, online).




**13.4.4.4 Ferrule of the Frog: فیرۆلی فرۆگ**

بەشی خوارەوەی frog بە ماددەیەکی کانزایی ڕوپۆش کراوە کە دەتوانرێت جولەی پێبکرێت, بۆ پاراستنی Hair دانراوە و hair و frog بەیەکەوە دەبەستێت, بۆ گۆڕین و دەرهێنانی Hair لە نێو Frog بەکاردەهێنرێت. ( Rhoda , 2000, p: 3 ),( Bang , 2001, p: 7 ),(Rapoport,2008, p: 77) .




**14.4.4.4 Screw: بڕغی**

کۆتا بەشی کەوانەکە پێکدەهێنێت و بە پێچەوانەی tip بۆ کۆککردنی کەوانەکەیە واتە لە ڕێگای ئەم بەشەوە دەتوانرێت بەشی Hair جولەی پێبکرێت و کوك بکرێت, ژەنیارانی ئامێری کەمان هەمیشە لەکاتی دەسپێك و کۆتایی بەکارهێنانی کەوانەکە بەکاریدەهێنن, کاتێك بەکاردەهێنرێت دەبێت توند بکرێت بەڵام کاتێك بەکارناهێنرێت پێویستە شل بکرێتەوە لە ڕێگای Screw ئەم کارە ئەنجام دەدرێت.( www.violinspiration.com. 2021, online) ( Rhoda , 2000, p: 3 )( Bang , 2001, p: 7 ),( Seidel , 2005, p: 25 ),(Rapoport,2008, p: 77) .



**5. ئاراستەکانی کەوانی ئامێری کەمان:**

واتە جولاندنی دەستی ڕاست بە شێوەیەکی زانستی کە کەوانی ئامێری کەمانی پێ جێگیر دەکرێت بەرەو چەند ئاراستەیەك, دوو شێواز هەیە بۆ ئاراستەکانی کەوانی ئامێری کەوان کە بریتین لە:

**1.5 کەوان بۆ خوارەوە ( Down bow ):**

کاتێك کەوان لەسەر ژێیەکانی ئامێری کەمان جێگیر دەکرێت جولەی دەست لە لای frog ی کەوانەوە بەکاردەهێنرێت بۆ بەشی سەرەوەی tip واتە تەواوی کەوانەکە ئاراستەی لە سەرەوەیە بۆ خوارەوە. ( Galamian, 1985, p: 56), (Rapoport,2008, p:87), ( www.masterclass.com, 2021, online )

نموونەی هێمای کەوان بۆ خوارەوە لەسەر نۆتەی موزیکی



**2.5 کەوان بۆ سەرەوە ( Up bow ):**

بە پێچەوانەی کەوان بۆ خوارەوە کەوان لەسەر ژێیەکانی ئامێری کەمان جێگیر دەکرێت جولەی دەست لە لای tip ی کەوانەوە بەکاردەهێنرێت بۆ بەشی خوارەوە Frog واتە تەواوی کەوانەکە ئاراستەی لە خوارەوە بۆ سەرەوە دەبێت. ( Galamian, 1985, p: 44),(Rapoport,2008, p: 87) , ( www.masterclass.com, 2021, online )

نموونەی هێمای کەوان بۆ خوارەوە لەسەر نۆتەی موزیکی



**6. چۆنیەتی گرتنی کەوانی ئامێری کەمان:**

دەستی ڕاستی ژەنیار کەوانی ئامێری کەمان تایبەت دەبێت بە بەکاربردنی کەوانی ئامێرەکە, شێوازی گرتنی کەوان بە شێوەیەکی دروست دەبێتە هۆکارێکی گرنگ بۆ بەجێهێنانێکی سەرکەوتوو, هەمیشە بۆ پێشخستنی ئاستی ژەنیار بە خاڵی یەکەم پێویستە ژەنیار ڕاهێنانێکی زۆر بکات لەسەر شێوازی گرتنی کەوان بە شێوەیەکی زانستی و ڕاست, لە چەند نموونە وێنەییەکی شێوازی گرتنی کەوان دەخەینە ڕوو:



لەم وێنانەی سەرەوەدا بۆمان شیدەبێتەوە کە شێوازی گرتنی کەوان لە ( پێشەوە, دواوە, خوارەوە, سەرەوە, ناوەڕاست) چۆن دەگیرێت, پێویستە پەنجەکان شێوە کەوانەییان هەبێت, پەنجەی پێنجەم لەسەر بەشی stick جێگیر دەبێت و پەنجەکانی سێیەم و چوارەم لەسەر بەشی frog جێگیر دەکرێن, پەنجەی دووەم لەسەر Thumb Leather جێگیر کراوە هەروەها پەنجەی یەکەم بە شێوەیەکی کەوانەیی لە نێوان stick و frog جێگیر دەبێت بەم شێوەیە کەوانی ئامێرەکە بە دەستی ڕاستی ژەنیار ئەنجام دەدرێت. ( Bang , 2001, p: 9 ), (Galamian, 1985, p: 45-50 ), Seidel , 2005, p: 43-47), (DELL'OLIO 2009, p: 25)

**7. شیکردنەوە و بەجێهێنانی شێواز و تەکنیکەکانی کەوانی ئامێری کەمان:**

تەکنیکەکانی موزیك بە شێوەیەکی گشتی بە بەشێکی گرنگی شۆڕشی پێشکەوتنی موزیك دادەنرێت, بە پێی سەردەمە یەك بەدوای یەکەکان و جیاوازەکانی موزیك گۆڕانێکی زۆری بەسەر پارچە موزیکە دانراوەکان داهێناوە, هەر سەردەمە و بە پێی موزیکدانەر و دانراوەکان خاسیەت و تایبەتمەندی خۆی هەبووە, تەکنیکەکان هەمیشە بە هێمایەکی موزیکی بۆ ژەنیار ڕووندەکرێتەوە لەلایەن موزیکدانەرەکان. ( Stowell, 2001, p: 1 ), ( Knocker, 1985, p: 5 )

**8. تەکنیکەکان و شێوازەکانی پەیوەست بە کەوانی ئامێری کەمان:**

**1.8. داینەمیکەکان و جێبەجێکردنیان بە کەوانی ئامێری کەمان:**

لە موزیکدا بە توندبوون و هێمنبوونە پلە بە پلەکان دەوترێت ( داینەمیکەکان) لە نێو سکۆرە موزیکیەکاندا بە شێوەیەکی بەرچاو بەکاردەهێنرێت, هۆکارێکە بۆ گۆڕان لەسەر ئاستی دەنگەکان واتە کەوان دەبێتە هۆی دیاریکردنی ئاستی دەنگەکان کە چەند توونە بێت یان هێمن. توندی و هێمنی داینەمیکەکان بە ( Decibels ) دەپێورێت. ( سەگرمە, ٢٠٠٥, ل: ١٠٨-١١٠ ), ( سەگرمە, ٢٠٠٠, ل: ٢٧٢)

( ئەم داینەمیکانەی بۆ نزم بوونەوەی ئاستی دەنگ بەکاردەهێنرێن بە هۆی خشاندنی کەوان بە شێوەیەکی هێمن لە ژێیەکانی ئامێری کەمان)

| ماناکەی بە کوردی | ماناکەی بە .Eng | هێما موزیکییەکان | زاراوە ئیتاڵیەکان |
|---|---|---|---|
| بە هێمنی | Soft | P | Piano |
| بە شێوە هێمنێکی مامناوەند | moderately soft | Mp | mezzo piano |
| زۆر بە هێمنی | Very soft | Pp | Pianissimo |
| زۆر زۆر بەهێمنی | v.v. soft | Ppp | Pianississimo |
| زۆر زۆر زۆر بە هێمنی | v.v.v soft | Pppp | Pianissississimo |

( ئەم داینەمیکانەی بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی دەنگ بەکاردەهێنرێن بە هۆی خشاندنی کەوان بە شێوەیەکی توند لە ژێیەکانی ئامێری کەمان) (Rapoport,2008, p: 122)

| ماناکەی بە کوردی | ماناکەی بە Eng | هێما موزیکییەکان | زاراوە ئیتاڵیەکان |
|---|---|---|---|
| بە توندی | Loud | F | Forte |
| بە شێوە توندێکی مامناوەند | moderately loud | Mf | mezzo forte |
| زۆر بە توندی | Very loud | Ff | Fortissimo |
| زۆر زۆر بە توندی | v.v. loud | Fff | Fortississimo |
| زۆر زۆر زۆر بە توندی | v.v.v loud | Ffff | Fortissississimo |

( زاراوە و داینەمیکە باوەکانی ئیتاڵی بۆ پلە بە پلە یان لە ناکاو توندبوون و هێمن بوونەوەی ئاستی دەنگ بە کەوان بەکاردەهێنرێن ) ( سەگرمە, ٢٠٠٥, ل: ١٠٨-١١٠ ), ( سەگرمە, ٢٠٠٠, ل: ٢٧٢)

| ماناکەی بە کوردی | ماناکەی بە Eng | کورتکراوە و هێماکان | زاراوە ئیتاڵیەکان |
|---|---|---|---|
| پلە بە پلە بەرەو توندی | gradually getting louder | Cresc | Crescendo |
| پلە بە پلە بەرەو هێمنی | gradually getting softer | Decres | Decrescendo |
| پلە بە پلە بەرەو هێمنی | gradually getting softer | dim | Diminuendo |
| لە ناکاو | Suddenly | sub | Subito |
| لە ناکاو بە هێمنی | suddenly softer | sub. p (sp) | subito piano |
| لە ناکاو بە توندی | suddenly louder | sub. f (sf) | subito forte |
| بەرزبوونەوەیەکی لە ناکاو و توند | with sudden emphasis | sfz | Sforzando |
| بەرزبوونەوەیەکی لە ناکاو و توند دواتر لە ناکاو نزمبوونەوەی ئاستی دەنگەکە | with sudden emphasis then suddenly decreasing in loudness | sfp | sforzando-piano |
| بەرزبوونەوەیەکی لە ناکاو و توند لە ئاستی دەنگدا زیاتر لە کریشاندۆ | more sudden increase in volume than crescendo | Rfz | Rinforzando |

**2.8 خێرایی کەوان:**

لەگەڵ خێرابوون و خاوبوونی کەوان شێوازی ژەنینەکان گۆڕانیان بەسەر دادێت, چونکە لەرینەوەی ژێیەکان و دەنگەکان لە چینە جیاوازەکان کەم و زیاد دەبێت ئەمەش دەبێتە هۆکار بۆ گۆڕان لە دانراوەکان و بەجێهێنانیان لەلایەن ژەنیارەکان بەهۆی کەوان, هەر کاتێك کەوان بە خێرایی دەژەنرێت قەبارەی دەنگەکان ڕوو لە زیادبوون دەکەن هەروەها بە پێچەوانەوە کاتێك کەوان بە خاوی دەژەنرێت قەبارەی دەنگەکان ڕوو لە کەمبوون دەکەن. (Rapoport,2008, p: 123), (Galamian, 1985, p: 52)

**3.8 کێش:**

بەجێگیرکردنی کەوان لەسەر ژێیەکانی ئامێری کەمان بە زیادکردن و کەمکردنی گوشار لەسەر ژێیەکان بە دەستی ڕاستی ژەنیار کاردەکاتە سەر قەبارە و کێشی دەنگەکانی موزیك, بۆ نموونە کاتێك نۆتەیەکی موزیکی درێژ هەبێت بۆ ژەنین واتە لە ڕووی کاتەوە پێویستە گوشارەکە بە شێوەیەکی هێواش ئاراستە بکەین واتە زۆرترین بەشی کەوان بەکاردەهێنرێت بەمەش کێشی کەوانەکە گۆڕانی بەسەر دادێت, وە بە پێچەوانەوە ئەگەر نۆتەیەکی موزیکی کورت هەبێت بۆ ژەنین واتە لە ڕووی کاتەوە پێویستە گوشارەکە بە شێوەیەکی خێرا ئاراستە بکەین واتە کەمترین بەشی کەوان بەکاردەهێنرێت بەمەش کێشی کەوانەکە گۆڕانی بەسەر دادێت بە جیاواز لەگەڵ نۆتەیەکی موزیکی درێژ. (Rapoport,2008, p: 123)

**4.8 خاڵی پەیوەندی:**

خاڵی پەیوەندی ئەوەمان بۆ شیدەکاتەوە کە ژەنیار لە چ بەشێکی ژێیەکان کەوان بەکاردەهێنێت, واتە لە نێوان پرد ( Bridge ) و شوێن پەنجەکان ( finger board )ی ئامێری کەمان ژەنیار دەتوانێت بە پێی داینەمیکەکانی سەر نۆتە موزیکیەکان گۆڕان لە شوێنی جێگیرکردنی کەوان لەسەر ژێیەکان بکات. بە جولاندنی کەوان بۆ لای پردی کەمان قەبارەی دەنگەکان گۆڕانێکی زۆریان بەسەر دادێت بۆ قەبارەیەکی گەورە و دەنگێکی بەرز وە بە پێچەوانەوە بە جولاندنی کەوان بۆ لای شوێن پەنجەکان قەبارەی دەنگەکان گۆڕانێکی زۆریان بەسەر دادێت بۆ قەبارەیەکی بچوك و دەنگێکی نزم و نەرمتر.(Rapoport,2008, p: 143) , ( Galamian, 1985, p: 53)

**5.8 تەکنیك و گوزارشتەکانی کەوانی ئامێری کەمان:**

ئاماژەی تەکنیك و گوزارشتەکان دەوەستێتە سەر بەجێهێنەر کە چۆن پارچە موزیکەکە بە کەوان دەژەنێت, موزیکدانەر ڕێبەری موزیکژەنەکان دەکات بۆ ئاماژەدان بە گشت وردەکارییە تایبەتییەکان و تەکنیکەکانی کەوانی ئامێری کەمان, ئەم ئاراستەکردنە یارمەتیدەرێکی باش دەبێت بۆ موزیکژەنەکان بۆ شێواز و ستایلی دانراوەکە لە ڕووی بەکارهێنانی کەوان, تەکنیکەکان دەبن بە هۆکارێکی گرنگ بۆ گوزارشت و تەکنیکی دانراوەکە بە کەوان, دوای جێبەجێکردنی تەکنیکەکانی کەوانی ئامێری کەمان پارچە موزیکەکان شێوازێکی سەرنجڕاکێشیان دەبێت.

ئەمانەی خوارەوە ئەم تەکنیکانە دەخەنەڕوو کە تایبەتن بە بەکارهێنەرانی کەوانی ئامێری کەمان:

**1.5.8 Legato یان Slur: کەوانی بەستن:**

واتە بەستنی دوو نۆتە یان زیاتر بەیەکەوە هەندێك کات پێی دەوترێت ( کەوانی بەستن ) ژمارەی ئەم نۆتانەی هێمای لێگاتۆی لەسەر دادەنرێت لە دوو نۆتە دەست پێدەکات بۆ زیاتر، دەوەستێتە سەر موزیکدانەر کە چۆن کەوانی بەستن دیاری دەکات بۆ ژەنیار واتە ژمارەی نۆتەکان چەند نۆتە بەیەکەوە دەبەستێتەوە بە پێی شێواز و خێرایی پارچە موزیکەکان بەکارهێنانی کەوانی بەستن Legato گۆڕانی بەسەر دادێت, پێویستە ژەنیار پێش جێبەجێکردنی کەوانی بەستن ڕەچاوی نۆتە موزیکیەکان بۆ دابەشکردنی کەوان بکات بە شێوەیەکی یەکسان. (Galamian, 1985, p: 65 ), ( Bang , 2001, p: 39, 47 ), ( Seidel , 2005, p: 99 ), ( سەگرمە, ٢٠٠٥, ل:٣٨٧), ( فەرەج, ٢٠٠٥, ل: ٢٠٨ ) , ( [www.zinginstruments.com](http://www.zinginstruments.com), 2021, online )

نموونەی بەکارهێنانی Legato لە کۆنشێرتۆی ڕێ مێجەری کەمان, دانەر( لۆدڤیك ڤان بیتهۆڤن) op. 61 جولەی یەکەم ( Allegro ma non troppo) بارەکانی (١٧ تا ٢٣)




**2.5.8 Detaché: دێتاچی:**

هەندێك کات پێی دەوترێت ( Non Legato ) واتە بە پێچەوانەی کەوانی بەستن بەجێدەهێنرێت, هەمیشە نۆتەکان بە شێوەیەکی سادە هیچ هێمایەکیان لەسەر داناندرێت بۆ ئاماژەدان, هەرکاتێك ژەنیار نۆتەکانی موزیکی بینی بەبێ هیچ هێمایەك ئەمە

واتای ئەوە دەبەخشێت کە دەبێت بە شێوەی Detaché بژەنرێت و نۆتەکان دەبێت بە شێوەیەکی جیا لە یەکدی بەجێبهێنرێت و لەسەر ژێیەکان بمێنێتەوە, دەشێت بە هەموو بەشێکی کەوان واتە بەشی سەرەوە,خوارەوە, ناوەڕاست بژەنرێت, لە ڕووی خێراییەوە هەر خێراییەك لە پارچە موزیکەکان دیاریکرابێت بەم شێوەیە دەژەنرێت واتە خێرا و خاوی جولەی کەوان پەیوەندی بە خێرایی جولە موزیکیەکانەوە هەیە. (Galamian, 1985, p: 67 ), ( www.zinginstruments.com, 2021, online ).

نموونەی بەکارهێنانی Detaché لە پارتیتای ژمارە (١) سی ماینەر کەمان, دانەر( جۆن سباستیان باخ) Last double beginning بارەکانی (١ تا ٤)




**3.5.8 Detaché Porté: دێتاچی پۆرتی:**

شێوازی ژەنینی ئەم تەکنیکەی کەوان بە شێوەیەکی سادە و سووك لەسەر ژێیەکان ئەنجام دەدرێت, واتە پێویستە کەوانەکە بە شێوە خشانێکی سووك و دورکەوتنەوە و کێشان بە ژێیەکان بەجێبهێنرێت, واتە ژەنیار دەبێت لەسەرەتای دەسپێکی نۆتەی هێمادراو بژەنرێت و دووربێت لە شێوازی گوشارخستنە سەر نۆتە موزیکیەکان, هەمیشە بە ئەنجامدانی ئەم تەکنیکە بە شێوەیەکی بەردەوام و نۆتە بەدوایەك هاتووەکان بۆشایەکی کورت لە نێوان نۆتەکان دێتەکایەوە چونکە بەهەر دوورکەوتنەوەیەکی کەوان و پێکێشانی بۆ جارێکی دیکە بە ژێیەکان بۆشایەکی کەم دروست دەبێت لەکاتی بەجێهێناندا . ( Galamian, 1985, p: 68 ), ( www.zinginstruments.com, 2021, online ), (www. violinlounge.com, 2021, online ).

نموونەی بەکارهێنانی Detaché porté لە کۆنشۆرتۆی ژمارە ( ٢ ) صۆڵ ماینەر کەمان, دانەر( پرۆکۆفیچ) جولەی یەکەم Op.63 Piu tranquillo (Allegro moderato) بارەکانی ( ١٣٨ تا ١٣٩)




**4.5.8 -Accent : گوشار:**

واتە گوشار خستنە سەر ئەم نۆتەیەی هێماکەی لەسەر دانراوە, بە پێی خێرایی پارچە موزیك و جولە موزیکیەکان خێرایی کەوان و شێوازی ژەنین گۆڕانی بەسەر دادێت. ( سەگرمە, ٢٠٠٥, ل:٣٧٧), (Galamian, 1985, p: 67-68)

نموونەی بەکارهێنانی Accent لە لە پارتیتای ژمارە ( ٢ ) ڕێ ماینەر کەمان, دانەر( جۆن سباستیان باخ) بە ناوی Chaconne



**5.5.8 - Portato: پۆرتاتۆ:**

ئەم شێوە تەکنیکە بە شێوەیەکی بەربڵاو لە نێو سکۆرە موزیکیەکانی کەوانی ئامێری کەمان بەکاردەهێنرێت, بە شێوەی خەتێکی بچووك لەسەر گروپە نۆتەیەکی موزیکی دادەنرێت کە بە هێمای لێگاتۆ ( Legato ) بەیەك بەستراونەتەوە بەجێهێنانی ئەم تەکنیکە گروپێك نۆتە بە یەك کەوان دەژەنێت هەندێك جار ئاراستەی کەوانەکە بۆ سەرەوە یان بۆ خوارەوە دادەنرێت بە شێوەیەکی پچڕاو دەژەنرێت بەڵام بەیەك کەوان واتە ئاراستەی کەوان نەگۆڕە بەهۆی بوونی هێمای Legato تا ئەم شوێنەی لێگاتۆ کۆتایی دێت. (Galamian, 1985, p: 68 ), ( www.zinginstruments.com, 2021, online ), (www. violinlounge.com, 2021, online ).

نموونەی بەکارهێنانی Portato لە جولەی یەکەمی کۆنشێرتۆی ( می ماینەر)ی op.64, دانەر ( میندلسۆن) بارەکانی ( ١٣٩ تا ١٤٢ )



**Detaché lancé 6.5.8: دێتاچێ لانجێ:**

ئەم تەکنیکەی کەوان بە یەکێك لە شێوازەکانی Detaché دادەنرێت, بەڵام هێماکەی لەسەر نۆتەی موزیکی بە هێڵێکی کورت وەك و Portato و خاڵێك ئاماژەی پێدەدرێت بۆ ژەنیار لە ڕووی بەجێهێنانەوە بە لێدانێکی کورت و خێرا بەبێ گوشار خستنە سەر کەوان ئەنجام دەدرێت. دەبێت کەوان بە شێوەیەکی بێهێز بەکاربهێنرێت تا ئەم تەکنیکە بە ئەنجام بگات. ( Galamian, 1985, p: 69-70)

نموونەی بەکارهێنانی Detaché lancé لە جولەی دووەمی سۆناتای ژمارە یەك ( صۆڵ ماینەر)ی دانەر ( جۆن سباستیان باخ) باری ( ٤٧ ) لەم نموونەیە هەردوو شێوەی lancé و Porté دەخەینەڕوو بۆ ئەوەی ژەنیار لەیەکیان جیابکاتەوە.




**Fouetté 7.5.8: فاوتێ:**

ئەم تەکنیکە بە بەشی خوارەوەی کەوان بەجێدەهێنرێت, بە خاڵێکی خڕی گەورەتر لە هێمای ستەکاتۆ ئاماژەی پێدەدرێت, ئەم تەکنیکە لە نێوان دێتاشییەکی بە گوشار و سپیکاتۆ دایە لە ڕووی ژەنینەوە, بە شێوەیەکی لەناکاو و کورت و بە گوشار بەجێدەهێنرێت. ( Galamian, 1985, p: 69-70)

نموونەی بەکارهێنانی Fouetté لە جولەی ڕۆندۆی کۆنشێرتۆی ( ڕێ مێجەر )ی op.61 ,دانەر ( بیتهۆڤن ) بارەکانی ( ٦٨ و ٦٩ )




**Martelé 8.5.8: مارتێلێ**

ئەم شێوازەی تەکنیك بە یەکێك لە تەکنیکە گرنگەکانی کەوان دادەنرێت, شێوەی هێماکردنی لەسەر نۆتەی موزیکی بەشێوەی خاڵێکی سێگۆشەیی ئاراستەکەی بۆ خوارەوەیە, شێوازی Deteche هاوکاردەبێت بۆ بەجێهێنانی مارتێلییەکی ڕاست واتە بە پێچەوانەی لێگاتۆ و کەوان پچڕانی تێدایە, بە یەکێك لە شێوازەکانی Accent دادەنرێت و بە شێوازێکی بەهێزتر لە Accent ی ئاسایی بەجێدەهێنرێت, واتە گوشارێکی بەهێز دەخرێتە سەر نۆتەی هێماکراو. لە کاتی ژەنیندا پێویستە ئەم نۆتانەی ئەم هێمایەیان لەسەرە بە شێوازێکی کورت و پچڕاو بژەنرێت بە گوشارێکی بەهێزەوە. هەمیشە دەبێت کەوان لە ژێیەکانی ئامێری کەمان هەڵبەزێتەوە و دووربخرێتەوە بە شێوەیەکی جێگیر و بەهێز ئەم تەکنیکە بەجێبهێنرێت. ( Galamian, 1985, p: 70-73)

نموونەی بەکارهێنانی Martelé لە Rudolphe Kreutzer: 42 studies ژمارە (٧) لە دەسپێك واتە باڕەکانی (١و٢)




-

**Collé 9.5.8: کۆلێ**

وشەیەکی فەرەنسی یە بە واتای چەقیو دێت, شێوازی جێبەجێکردنی ئەم تەکنیکەی کەوان بە بەشی Frog بەجێدەهێنرێت پێویستە پەستان بخرێتە سەرئەم بەشەی کەوان و بۆ دەرچوونی دەنگەکانی موزیك بە شێوەیەکی ڕوون, لە کاتی گۆڕینی کەوان پێویستە کەوان لە ژێیەکان دووربکەوێتەوە بۆ جارێکی دیکی بە ژێیەکان بکێشرێت بە شێوەیەکی بەهێز, چونکە زۆرترین کات ئەم تەکنیکە لەسەر Double stop دادەنرێت, واتە ژەنینی ٢ دەنگ بەیەك کەوان و لە یەك کاتدا, بە یەکێك لە سەختترین تەکنیك هەژمار دەکرێت لە نێو تەکنیکەکانی کەوان. ( Galamian, 1985, p: 73-74)

نموونەی بەکارهێنانی Collé لە جولەی کۆتایی کۆنشێرتۆی ( ڕێ مێجەر )ی op.77 ,دانەر ( برامس ) بارەکانی ( ٢٠-٢١ )




**Spiccato 10.5.8: سپیکاتۆ**

ئەم تەکنیکە هەمیشە لە تێژڕەوی جیاواز نێو جولە موزیکیەکاندا بەکاردەهێنرێت بە جیاواز لەگەڵ تەکنیکەکانی دیکەی کەوان چەند شێوازێکی جیاواز دێتەکایەوە, بە شێوەیەکی گشتی سێ جۆر سپیکاتۆ هەیە, شێوەی ( Conscious Spiccato ) وەك ستەکاتۆ تەنیا خاڵێك لەسەر نۆتە موزیکییەکان دادەنرێت, هەمیشە لە جولە موزیکیەکانی تێژڕەویەکی مامناوەند و خاویان هەیە بەکاردەهێنرێت, پێویستە لەکاتی ژەنینی ئەم تەکنیکە پێویستە کەوان لەسەر ژێیەکان دووربخرێنەوە, شێوەی ( Spontaneous Spiccato) بە شێوە هێڵێکی کورت و خاڵێك لەژێر هێلەکەوە لەسەر نۆتە موزیکییەکان هێمادەکرێت هەمیشە بۆ جولە موزیکیەکان کە تێژڕەویەکی خێرایان هەیە بەکاردەهێنرێت, ئەم شێوەی سپیکاتۆ خۆی لەکاتی بەجێهێناندا بەهۆی بوونی تێژڕەویە خێراکەی کەوان لەسەر ژێیەکان دووردەخرێنەوە, شێوەی ( Slurred Spiccato ) یان ( Legato Spiccato ) لەم جۆرەیان گروپێك نۆتەی موزیکی بەیەك کەوانی بەستن بەشێوەیەکی بچڕاو دەژەنرێت. ( Galamian, 1985, p: 75-77).

نموونەی  Spiccato لە جولەی یەکەمی چوارینەی بیتهۆڤن Op.17 ژمارە ٦




**Sautillé - 11.5.8: ساوتێلێ**

تەکنیکێکی دیکەی دوورکەوتنەوەی کەوانە لە ژێیەکان, ئەم شێوە بە جیاواز لەگەڵ Spiccato پێویست بە هەڵبەزینی کەوان ناکات بەڵکو بە شێوەیەکی سروشتی لەگەڵ خێرابوونی کەوان لە جولە موزیکیەکی تێژڕەوی خێرا هەڵبەزینی کەوان بەجێدەهێنرێت بە بەشی سەرەوەی کەوان بەجێدەهێنرێت. ( www.zinginstruments.com, 2021, online ) ,( www. violinlounge.com, 2021, online).

نموونەی Sautillé لە کتێبی bowing technique for strings




**Ricochet - 12.5.8: ریکۆچێت:**

هەندێك جار پێی دەوترێت ( Jete ) ئەم تەکنیکە واتە تێژڕەویەکی خێرا تەنیا بە خێرا بەکارهێنانی کەوان بەرهەمدێت, چەند نۆتەیەکی هێماکراوی Sautillé بەیەکەوە بژەنرێت واتە بە یەك کەوان کاتێك کەوان بە یەك لێدانی لە ژێیەکان بە ئاراستەی خوارەوە چەند نۆتەیەکی Sautillé لەسەر یەك ژێ بەرهەم دێت, بەم شێوەیە Ricochet دێتەکایەوە. ( www.zinginstruments.com, 2021, online ) ,( www. violinlounge.com, 2021, online ).

نموونەی Ricochet لە کاپریسی (٢٤) پاگانینی ژمارە (٩) Op.1 بارەکانی (٦١-٦٣ )



**13.5.8 -Jumping Arpeggio : بازدان لە ئارپێج**

ئەم تەکنیکەی کەوان بە لێدانی کەوان لە چەند ژێیەکی کەمان بەرهەم دێت واتە بەکارهێنانی Ricochet لە چەند ژێیەکی جیاوازدا بە جولەیەکی خێرای کەوان دێتە ئەنجام. هەمیشە کۆردەکان گۆڕانیان بەسەر دادێت. ( www.zinginstruments.com, 2021, online ),( www. violinlounge.com, 2021, online ).

نموونەی Jumping Arpeggio




**14.5.8 - Arpeggio: ئارپێج:**

واتە بەکارهێنانی کەوان لەسەر سێ یان چوار ژێ لە جولە خاو و ماماوەندەکان کەوان بە شێوەیەکی جێگیر دەمێنێتەوە, بەڵام ئەگەر جولەکان خێرابوون ئەوە بەشێوەیەکی سروشتی کەوان دووردەکەوێتەوە لە ژێیەکان, نموونەی Arpeggio ( www.zinginstruments.com, 2021, online ),( www. violinlounge.com, 2021, online ).



**15.5.8 - Tremolos : تریمۆلۆ**

ئەم شێوازە تەکنیکە بە دوو شێواز بەرهەم دێت بە دەستی ڕاست و چەپ لێرەدا توێژەران باس لە دەستی ڕاستی ژەنیار دەکەن کە تایبەتن بە بەکارهێنانی کەوانی ئامێری کەمان, ئەم تەکنیکە بە دووبارەکردنەوەی نۆتەیەکی موزیکی بە خێراییەکی دیاریکراو بە پێی هێڵێکی کورت لە نێو قەدی نۆتە موزیکیەکان دادەنرێت, چەندێتی هێڵەکان لە نێو قەدی نۆتە موزیکیەکان خێرایی و جولەی کەوان بە دەستی ڕاستی ژەنیار دێتە ئەنجام. نموونەی Tremolos بە چەند شێوەیەکی جیاواز لە هێڵەکانی نێو قەدی نۆتە موزیکیەکان. ( Galamian, 1985, p: 80-85).



**16.5.8 - Collegno: کۆلیگنۆ**

بە یەکێك لە تەکنیکە سەرسوڕهێنەرەکانی کەوان دادەنرێت, ئەم تەکنیکە بە داری ( Stick ) ی کەوان بەجێدەهێنرێت بەبێ بەکارهێنانی ( Bow Hair) واتە بە پێچەوانە کەوانەکە بە ژێیەکان دەخشێندرێت و دەنگێکی جیاواز دێتەکایەوە. نموونەی Col legno هەمیشە بە شێوەی نوسین ئاماژەی پێدەدرێت. ( www.zinginstruments.com, 2021, online ),( www. violinlounge.com, 2021, online).



**17.5.8 -:Flautato فلاوتاتۆ**

ئەم شێوازە تەکنیکە لە تەکنیکی Sul Tasto دەچێت بەڵام دەبێت کەوان زیاتر لە نزیك Fingerboard بژەنرێت هەمیشە بۆ تیژڕەویە خێراکان بەکاردەهێنرێت کە کەوان بە شێوەیەکی زۆر خێرا دەژەنرێت وە بەبێ پەستانی کەوان واتە پەستانێکی کەم و تیژڕەویەکی خێرا.نموونەی Flautato هەمیشە بە شێوەی نوسین ئاماژەی پێدەدرێت. ( www.zinginstruments.com, 2021, online ),( www. violinlounge.com, 2021, online ).




**18.5.8 - Sul ponticello: سولپێنتیچەلۆ:**

واتە بەکارهێنانی کەوانی ئامێری کەمان لە نزیکترین شوێن لەلای پردی ژێیەکان بەمەر هۆیەوە دەنگێکی ڕەق و گوزارشتێکی جیاواز دێتە بەرهەم. نموونەی Sul ponticello هەمیشە بە شێوەی نوسین ئاماژەی پێدەدرێت. ( www.zinginstruments.com, 2021, online ),( www. violinlounge.com, 2021, online ).




**19.5.8 - Sul tasto: سولتەیستۆ:**

بە پێچەوانەی Sul ponticello کەوانی ئامێری کەمان لەلای Fingerboard بەکاردەهێنرێت, دەنگێکی نەرم دێتەکایەوە. نموونەی Sul tasto هەمیشە بە شێوەی نوسین ئاماژەی پێدەدرێت. ( www.zinginstruments.com, 2021, online ),( www. violinlounge.com, 2021, online ).




**20.5.8 - Double stop: دەبڵ ستۆپ**

واتە ژەنینی دوو نۆتە لەیەك کاتدا لەسەر دوو ژێی جیاوازی ئامێری کەمان و بە کەوان بەجێدەهێنرێت. دەبێت کەوان بەشێوەیەکی یەکسان دابەشبکرێت بەسەر دوو بەشی یەکساندا. ( Galamian, 1985, p: 86-91 ).

نموونەی Double stop



**21.5.8. Triple stop: تریپڵ ستۆپ:**

واتە ژەنینی سێ نۆتە لەیەك کاتدا لەسەر سێ ژێی جیاوازی ئامێری کەمان و بە کەوان بەجێدەهێنرێت و دەبێت کەوان بەشێوەیەکی یەکسان دابەشبکرێت بەسەر سێ بەشی یەکساندا. نۆتەی ناوەڕاست هەمیشە خاڵی پەیوەندی دەبێت و لەگەڵ هەردوو نۆتەکەی سەرەوە و خوارەوە دەژەندرێت. ( www.zinginstruments.com, 2021, online ),( www. violinlounge.com, 2021, online ).

نموونەی Triple stop



**Chords .22.5.8: کۆدر:**

واتە ژەنینی دوو نۆتە یان زیاتر بەیەکەوە, بەجێهێنانیان بە کەوان دەوەستێتە سەر چەندێتی نۆتە مۆزیکیەکان لە نێو سکۆرە موزیکیەکاندا, چونکە کەوانی ئامێری کەوانی سەردەمر تەنیا بەجێگیرکراوی لەسەر دوو ژێ دەمێنێتەوە, بەڵام ئەگەر سێ یان چوار نۆتە بەیەکەوە بوو لە شێوەی کۆرد ئەوە شێوازی جولەی کەوان گۆڕانی بەسەر دادێت و کەوان دەبێت بە شێوەیەکی زانستی و یەکسان دابەشبکرێت, نموونەی کۆرد ( www.zinginstruments.com, 2021, online ), ( www. violinlounge.com, 2021, online).



**Staccato .23.5.8: ستەکاتۆ**

وشەیەکی ئیتاڵی یە بە واتای جیاکراو دێت, واتە ژەنینی نۆتە موزیکیەکان بە شێوەی پچڕ و لەیەك جیاکراو بەجێدەهێنرێت. بەڵام لەم تەکنیکەدا پێویستە کەوان لەسەر ژێیەکان بمێنێتەوە بەبێ دوورخستنەوەی لە ژێیەکان. وە بەپێی داینەمیکە جیاوازەکان بەشەکانی کەوان بەکاردەهێنرێت, بۆ نموونە ئەگەر داینەمیکێکی هێمن هەبوو پێویستە بەشی سەرەوەی کەوانی بۆ بەکاربهێنرێت وە بە پێچەوانەوە ئەگەر داینەمیکێکی توند هەبوو پێویستە بەشی خوارەوەی کەوانی بۆ بەکاربهێنرێت, ئەگەر داینەمیکێکی مامناوەند هەبوو پێویستە بەشی ناوەڕاستی کەوان بەکاربهێنرێت. ( www.zinginstruments.com, 2021, online ), ( www. violinlounge.com, 2021, online), (Galamian, 1985, p: 90).

نموونەی Staccato لە کتێبی PRINCIPLES OF VIOLIN PLAYING & TEACHING SECOND EDITION




**Flying Staccato .24.5.8: فلاین ستەکاتۆ:**

واتە ژەنینی تەکنیکی ستەکاتۆ بەڵام بە جیاواز لەگەڵ ستەکاتۆ تەنیا بەشی سەرەوەی کەوانی ئامێری کەمان بەکاردەهێنرێت و کەوان دووردەخرێتەوە لە ژێیەکانی ئامێر, واتە ژەنین و بەجێهێنانی ئەم تەکنیکە لە نێوان هەردوو تەکنیکی Staccato و Flying spiccato دێتەکایەوە. بەڵام لە شوێنی بەکارهێنانی کەوان جیاوازیان هەیە. ( Galamian, 1985, p: 91-93).

نموونەی Flying Staccato لە کۆنشێرتۆی ( می مایнەری) مندیلسون Op.64 جولەی کۆتایی بارەکانی ( ١٢٩-١٣٢ )




**9. مێژووی تیپی موزیکی هەولێر (تیپی هونەری هەولێر)**

بە فەرمی ناوی تیپەکە ( تیپی هونەری هەولێر) بووە بەڵام تیپی موزیکی هەولێر لقێك بووە لە تیپی هونەری هەولێر لە بەرواری (٢/١/ ١٩٧٠) ئەم تیپە لە شاری هەولێر دامەزراوە, سەرەتای دروستبوونی تیپ لە دوو بەشی هونەری جیاواز پێکهاتبوو, هونەری شانۆ لەگەڵ هونەری موزیك, دواتر لقی شێوەکاریشی بۆ زیادکرا بۆیە ناوی ئەم تیپە ( تیپی هونەری هەولێر) بوو, بە شێوەیەکی فەرمی وەرگرتنی مۆڵەتی ئەم تیپە لە بەرواری ( ٢٣ /٢/ ١٩٧١ ) لە وەزارەتی ڕاگەیاندن لە بەغداد وەرگرتووە ژمارەی فەرمان ( ٧١٣ ) یە, بە یەکەمین تیپ دادەندرێت لە کوردستانی باشوور کە بە شێوەیەکی فەرمی مۆڵەتی وەرگرتووە. ( ئەحمەد, ٢٠٢١, گفتوگۆیەکی تایبەت)

ئەم تیپە تەنیا تایبەت نەبوو بە هونەری موزیك, ئەم تیپە بە شێوەیەکی فەرمی بۆ یەکەم جار لە شاری هەولێر دامەزراوە, پێش ئەم تیپە تیپی دیکەی هونەری لە شاری هەولێر بوونی هەبووە و چالاکی زۆریان ئەنجام داوە وەك نموونە ( تیپی موزیکی دەرسیم ) بەڵام بە شێوەیەکی فەرمی نەبووە مۆڵەتیان لەلایەن وەزارەتی ڕاگەیاندنی بەغداوە پێ نەبەخشراوە, ئەم تیپە خزمەتێکی

دیاریان هەبووە و شاكاری جوانیان تۆماركردووە لە نێو بواری هونەری كوردی بە گشتی و شاری هەولێر بەتایبەتی, دەستەی دامەزرێنەرانی ئەم تیپە لەمر هونەرمەندانە پێك هاتبوون دامەزرێنەر و بەرپرسی لقی موزیك ( منعیم مەزهەر) بووە, هەروەها دامەزرێنەر و بەرپرسی بەشی شانۆ ( صباح عبدالرحمن) بووە, بەڵام ( جەمال هیدایەت) سەرۆكی تیپی موزیك بووە هەروەها ( سوڵتان عبدلله ) و ( تحسین تەها ) لە دەستەی دامەزرێنەرانی تیپەكە بوونە. ( خۆشناو. ٢٠٢١, گفتوگۆیەكی تایبەت)

سەرەتا ئەمر تیپە لە ڕووی زانستیەوە ئاستێكی نزمی هەبووە وەك و قۆناغی یەكەمر دەسپێكی تیپ دواتر بە هۆكاری شۆڕشی ئەیلول و جێبەجێنەكردنی بەیاننامەی ١١ی ئازار لە ساڵی ( ١٩٧٤ ) كار و چالاكیەكانی تیپ بەشێوەیەكی كاتی دەوەستێت, دواتر لە ساڵی ( ١٩٧٦ ) تیپەكە بە شێوازێكی نوێ سەرهەڵدەداتەوە و ئەندامی نوێ بەشدار دەبن لە تیپەكە بە شێوەیەكی هەمیشەیی دیارترینیان ( وریا احمد) كە دەبێتە پاڵپشتێكی بەهێز بۆ تیپەكە وەك سەرۆكی تیپەكە دەسنیشان دەكرێت لە ساڵی ( ١٩٧٦ تا ١٩٨٤ ), ئاستی زانستی تیپەكە بەرز دەبێتەوە, چونكە ( وریا احمد ) شارەزاییەكی تەواوی هەبووە لە شێوازی بە نۆتەكردن و بەجێهێنانیان و شێوازی نۆتاندنی خستە نێو تیپەكە بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی كار و چالاكیەكانیان تیپ, سەرەتای كار و چالاكیەكانیان بە گوێگرتن لە گۆرانیەكان دووبارەكردنەوەیان تەنیا بە گوێگرتن ئەنجامر داوە بە بێ نوسینەوەی هیچ نۆتەیەكی موزیكی ئەمر شێواز و چالاكیانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست باوبووە هەر بۆیەش وەك تیپە ڕۆژهەڵاتییەكانی ناوچەكە بە هۆكاری نەبوونی شارەزایی بە شێوەیەكی گشتی بە نۆتەكردنی گۆرانی و موزیكەكانیان ئەنجامر نەداوە, ئەمەش هۆكارێكە بۆ دەستنەكەوتنی نۆتەی موزیكی ئەمر تیپە لەمر سەردەمەی نۆتاندنی موزیكیان بەكارنەهێناوە. بەمر شێوەیە تیپەكە كار و چالاكی جۆرا و جۆر ئەنجامر دەدەن لە چەندین شوێنی جیاواز.

نۆتەی بەردەست بۆ هەندێك لە بەرهەمەكانی تیپەكە تەنیا لە دوو پەرتوك بوونیان هەیە بە ناوی ( باڵەبان و تەمیرە ) ئەمر دوو كتێبە لە لایەن ( وریا احمد ) ئامادەكراوە وەك پاراستن و بە ئەرشیفكردنی بەشێك لە كار و چالاكیەكانی تیپەكە, بە پشت بەستن بەمر دوو كتێبە توێژەران لەمر توێژینەوەیەدا چەند نموونەیەكی نۆتەكراوی نێو كتێبەكان تایبەت بەمر تیپە لە ڕووی بەكارهێنانی شێواز و تەكنیكەكانی كەوانی ئامێری كەمان دەخەنەڕوو.

وریا احمد دەڵێ: *ئەمر نۆتانەی من بۆ ئەمر تیپەمر نوسیوەتەوە لە كتێبەكاندا لە ڕووی بەكارهێنانی شێواز و تەكنیكەكانی كەوانی ئامێری كەمان كەمر بەكارهێنراون چونكە من ژەنیاری ئامێری عودمر, بۆیە بەمر شێوەیە نۆتاندنێكی ئاسایی نوسراوەتەوە.بۆ ئەوەی ئامێری دیكەش بتوانن بە ئاسانی بیژەنن, كاتی نمایش و تۆماركردنی بەرهەمانی تیپ زیاتر ڕوونكردنەوە دراوە لە ڕووی شێواز و تەكنیكەكانی كەوانی ئامێری.* ( ئەحمەد. ٢٠٢١, گفتوگۆیەكی تایبەت)

**10. بەكارهێنانی شێواز و تەكنیكەكانی تایبەت بە كەوانی ئامێری كەمان لە نێو بەرهەمەكانی تیپی موزیكی هەولێر:**

**1.10. بەكارهێنانی ئاراستەكانی كەوان:**

ڕەنجبەر خۆشناو دەڵێ: لەمر تیپە موزیكییە هیچ بنەمایەكی زانستی و ئەكادیمی ڕەچاونەكراوە بۆ جێبەجێكردنی ئاراستەكانی كەوانی ئامێری كەمان, واتە ژەنیارەكان بە شێوەیەكی جێگیر نەیانتوانیوە ڕێكخستن بۆ كەوانەكانیان بكەن تەنیا بە شێوەیەكی هەڕەمەكی ئەنجامیان داوە, تەنیا ئەمر شوێنانەی پشووی تێدا بەكارهێنراوە دوای پشوەكان یان لە سەرەتای دەسپێكی موزیكەكە یان دوای كۆپلەیەكی گۆرانییەكە توانیویانە بەیەك كەوان بیژەنن واتە ئاراستەی كەوان بۆ خوارەوە یان بۆ سەرەوە, بەڵامر بە هیچ شێوەیەك لەسەر نۆتە موزیكییەكان ئاراستەكان دیاری نەكراوە و بەكارهێنانی نۆتەی موزیكیش زۆربەی كات بەكارنەهێنراوە تەنیا بە گوێگرتن و دووبارە ژەنینەوەی پارچە موزیكەكان بە ئەنجامر گەیشتووە, ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هۆكاری نەبوونی ژەنیاری ئامێری كەمان كە دەرچووی پەیمانگا و شوێنە ئەكادیمیەكان بن لە تیپەكەدا. ( خۆشناو. ٢٠٢١, گفتوگۆیەكی تایبەت)

**2.10. خێرایی كەوان:**

بە شێوەیەكی گشتی لە سەرەتای دەسپێكی گۆرانییەكان تا كۆتا بە یەك خێرایی ژەنراوە و بەبێ گۆڕانی خێرایی لە كەوانەكان. ( خۆشناو. ٢٠٢١, گفتوگۆیەكی تایبەت)

**3.10. بەكارهێنانی داینەمیكەكان لە تیپ:**

ئەمر داینەمیكانەی بۆ هێمنكردنەوە و توندكردنەوەی ئاستی دەنگ بەكاردەهێنرێت بە شێوەیەكی زۆر سادە كاری پێكراوە تەنیا دوو داینەمیك لە نێو كارە موزیكییەكان بەكارهێنراوە كە بریتین لە ( Piano ) واتە بە هێمنی, ( Forte ) واتە بە توندی. جگە لەمر دوو دانەمیكانە داینەمیكەكانی تر بەكارنەهێنراوە. ( خۆشناو. ٢٠٢١, گفتوگۆیەكی تایبەت).

**4.10. خستنەکاری تەکنیکەکانی تایبەت بە کەوانی ئامێری کەمان لە تیپ:**

**1.4.10. Detaché یان non-Legato: دێتاچێ یان بێ کەوانی بستن**

ئەم جۆرە تەکنیکەی کەوانی ئامێری کەمان لە نێو زۆرینەی گۆرانی و پارچە موزیکەکانی تیپ بەکارهێنراون بەڵام وەك نموونەی جێبەجێکراو یەك لە نموونەکان دەخەینەڕوو بۆ نموونە: لە پارچە موزیکی ( هەڵگورد ) ئاوازی ( وریا احمد ) لە ساڵی ( ١٩٨٣ ) بۆ تەلەفزیۆنی کەرکووك تۆمارکراوە لەلایەن تیپ. (احمد, ٢٠٠٨ ,ل: ٥٩ ).

نموونەی Detaché پارچە موزیکی هەڵگورد بارەکانی ( ١ تا ٣ )




**2.4.10. Legato: کەوانی بەستن**

ئەم شێوازە تەکنیکە لە هەندێك لە بەرهەمەکانی تیپ بەکارهێنراوە, یەکێك لە نموونەکان دەخەینەڕوو, لە گۆرانی ( نازیلە ) بە یەکێك لە گۆرانی یە فۆلکلۆرییەکان دادەندرێت لە لایەن گۆرانیبێژ ( نیزام شوکور ) ووتراوە ئامادە و دابەشکردنی موزیکەکە لە لایەن (وریا احمد ) کراوە و لە ساڵی ( ١٩٨٣ ) لەلایەن تیپ بۆ تەلەفزیۆنی کەرکووك تۆمارکراوە. (احمد, ٢٠٠٨,ل: ١٠ ).

نموونەی ( Legato ) لە گۆرانی نازیلە بارەکانی ( ١٧ تا ١٩ )



**3.4.10. Accent: گوشار**

ئەم تەکنیکەی کەوان کە پێشتر شیکراوەتەوە لە نێو بەرهەمێکی گۆرانی لە تیپ بەکارهێنراوە, نموونەی بەکارهێنراوی تەکنیك لە نێو گۆرانی ( بلوێری شوان) یەکێکە لە گۆرانی یە فۆلکلۆرییەکان لەلایەن گۆرانیبێژ ( تەنیا عارەب عوسمان ) لە ساڵی ( ١٩٧٨ ) بۆ تەلەفزیۆنی بەغداد تۆماکردنی بۆ کراوە, ئامادەکردن و دابەشکردنی موزیکەکە لەلایەن ( وریا احمد ) کراوە. (احمد, ١٩٩٧, ل: ٥٢).

نموونەی ( Accent ) لە گۆرانی بلوێری شوان بارەکانی ( ١ تا ٢ )



**4.4.10. Spiccato: سپیکاتۆ**

ئەم شێوازەی تەکنیکی کەوانی ئامێری کەمان لە بەشێك لە نێو گۆرانی یە تۆمارکراوەکانی تیپ بەکارهێنراون, ئەم شێوازە لە نێو گۆرانی ( کۆڵانی تەنگەبەر ) یەکێکە لە گۆرانی یە فۆلکلۆرییەکان لەلایەن گۆرانیبێژ ( حەمە جەزا ) لە ساڵی ( ١٩٧٨ ) بۆ تەلەفزیۆنی بەغداد تۆماکردنی بۆ کراوە, ئامادەکردن و دابەشکردنی موزیکەکە لەلایەن ( وریا احمد و ڕزگار خۆشناو ) کراوە. (احمد, ١٩٩٧, ل: ٤٨).

نموونەی ( Spiccato ) لە گۆرانی کۆڵانی تەنگەبەر بارەکانی ( ١ تا ٤ )




**5.4.10. Double stop: دەبڵ ستۆپ**

ئەم تەکنیکە لە نێو زۆرینەی بەرهەمەکانی تیپ بەکارهێنراوە, بەڵام بە هۆکاری ئامادەکردن و دابەشکردنی موزیك و گۆرانییەکان لە لایەن ژەنیاری ئامێری (عود) کراوە, زۆرینەی ئەم شوێنانەی کە ئەم تەکنیکەی تێدا بەکارهاتووە ژەنراو نی یە بۆ ژەنراوانی ئامێری کەمان واتە ( unplayable ), بۆ ژەنراوانی ئامێری (عود) دەژەنرێت بەڵام بۆ ئامێری کەمان نەژەنراوە تەنیا چەند شوێنێك نەبێت کە ئاساییە بۆ ژەنراوانی ئامێری کەمانیش دەتوانن بیژەنن, وەك لە گۆرانی ( پەرێشانم ) بە ئاوازێکی ڕەسەن دادەندرێت لە لایەن گۆرانیبێژ ( تەنیا عارەب عوسمان ) ووتراوە ئامادە و دابەشکردنی موزیکەکە لە لایەن (وریا احمد ) کراوە و لە ساڵی ( ١٩٨٣ ) لەلایەن تیپ بۆ تەلەفزیۆنی کەرکووك تۆمارکراوە. (احمد, ٢٠٠٨,ل: ٨).

نموونەی Double stop لە گۆرانی پەرێشانم بارەکانی ( ١٣ تا ١٤ )




**11 .ئەنجامی توێژینەوە: توێژەران لەم توێژینەوەیەدا گەیشتن بەم ئەنجامانەی خوارەوە:**

1. ڕۆڵ و گرنگی ئامێری کەمان لە نێو ئامێرە بەکارهاتووەکانی تیپەکە ڕۆڵێکی دیار و بەرچاو بووە، بەڵام بە هۆی کەم شارەزایی ژەنیارانی کەمان لە تیپی موزیکی هەولێر و سەرجەم تیپە ڕۆژهەڵاتییەکانی ناوچەکە، بە کەمی گرنگی بە لایەنی بە زانست بەکارهێنانی تەکنیکەکانی تایبەت بە کەوانی ئامێرەکە دراوە.

2. زۆربەی بەرهەمەکان بە هۆی کەم شارەزایی ژەنیارەکان لە خوێندنەوەی نۆتەی موزیک، بە سەماعی ژەنراون و بەم هۆیەوە بەشێکی زۆر لە تەکنیکەکانی کەوان جێبەجێ نەکراون.

3. بە هۆی ئەوەی کە زۆربەی نۆتە نوسانی تیپەکە ژەنیاری ئامێری دیکە بوونە، تەکنیکەکانی تایبەت بە کەوانی ئامێری کەمان فەرامۆش کراون.

4. بەکارهێنانی شێواز و تەکنیکەکانی تایبەت بە کەوانی ئامێری کەمان لە نێو کارەکانی تیپی موزیکی هەولێر دوای لێکۆڵینەوەیەکی زانستی توێژەران گەیشتن بەم ئەنجامەی کە بەکارهێنانی چەند داینەمیکێکی کەم لە نێو تیپ لە کارەکانیان بەکارهێنراوەن ئەوانیش ( forte و piano )یە بەدەر لەوانە هیچ داینەمیکێکی دیکە بەدی ناکرێت, سەبارەت بە تەکنیکەکان کە شیکردنەوەی بۆ کراوە لە نێو ناوەڕۆکی توێژینەوەکە بەشێکی کەم بەکارهێنراون بۆ نموونە لە کۆی (٢٤) تەکنیك تەنیا (٥) تەکنیکی تایبەت بە کەوانی ئامێری کەمان لە نێو تیپەکە بەکارهێنراون وەك نموونە ( Detaché یان Non Legato) , ( Legato), ( Accent ), ( Spiccato), ( Double stop ). هۆکاری بەکارنەهێنانی ئەم تەکنیکانە لە نێو تیپ نەبوونی ستافێکی ئەکادیمی بووە لە نێو تیپ بە شێوەیەکی گشتی.

**12. پێشنیار: توێژەران بە پێویستی دەزانن کە ئەم پێشنیارانەی خوارەوە بخەنەڕوو:**

1. توێژەرانی کورد توێژینەوەی زانستی لەسەر شێوازی بەکارهێنانی کەوانی ئامێری کەمان لە نێو تیپە موزیکییەکانی دیکەی کوردستانی باشوور ئەنجام بدەن.

2. توێژینەوەی زانستی تایبەت بە تەکنیکەکانی دەستی چەپی ئامێری کەمان بکرێت.

3. پێشنیار بۆ موزیکدانەرانی کورد کە ڕەچاوی گشت ووردەکاری و تەکنیکە جیاوازەکان تایبەت بە کەوانی ئامێری کەمان بکەن لە نێو سکۆرە موزیکییەکاندا.

4. بۆ ژەنیارانی ئامێری کەمان لە نێو تیپە موزییە کوردییەکان بەجێهێنان و جێبەجێکردنی گشت تەکنیکەکانی تایبەت بە کەوانی ئامێری کەمان بە شێوەیەکی زانستی لە نێو نۆتە موزیکییەکاندا.

5. توێژەرانی بواری موزیك توێژینەوەی تایبەت و زانستی بۆ گشت ئامێرە جیاوازەکانی دیکەی نێو موزیك ئەنجام بدەن لە ڕووی شێواز و بەکارهێنانیان.

**13. ڕاسپاردە: بۆ زانستخوازانی بواری موزیك:**

1. بە نۆتەکردنی گشت بەرهەمەکانی نێو تیپە موزیکییەکان و بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئاسان بەردەستی توێژەران بکەوێت تا توێژینەوەی زانستی تایبەت لەسەر ئەنجام بدەن.

2. لە بەشی موزیکی پەیمانگا و کۆلێژی هونەرە جوانەکانی باشووری کوردستان گرنگی بە لایەنی Music Performance بدرێت کە بوارێکی تایبەتە بە ژەنین و شێواز و ئەداکردن بە شێوە زانستییەکەی.

3. قوتابیانی خوێندنی باڵا توێژینەوە لەسەر شێواز و تەکنیکە جیاوازەکانی نێو ئامێرە موزیکییەکان ئەنجام بدەن.

## 14. سەرچاوەکان

**یەکەم: کتێبەکان**

**به زمانی کوردی:**


احمد , وریا. ( ٢٠٠٨ ), *تەمیرە*. چاپخانەی موکریانی, هەولێر.

احمد , وریا. ( ١٩٩٧ ), *باڵەبان*. چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری, هەولێر.

سەگرمە, ع.ج. ( ٢٠٠٠ ), *بنەماکانی موزیك*. چاپخانەی داناز, سلێمانی.

سەگرمە, ع.ج. ( ٢٠٠٥ ), *ئەلفبێیەکی موزیك*. چاپخانەی شڤان, سلێمانی.

فەرەج, غەمگین. ( ٢٠٠٥ ), *دەروازەیەك بۆ بۆتەکانی موزیك*. چاپخانەی منارە, هەولێر.

قەرەداغی, ئەسعەد. ( ٢٠١٠ ), *فەرهەنگی مۆزیك*. چاپخانەی موکریانی, هەولێر.


**به زمانی عەرەبي:**


صالح, ثائر. ( 2015 ), *مدخل الى الموسيقى*, دار نون للنشر, الامارات.


**به زمانی ئینگلیزی:**


Bang. Maia, (2000), *violin method*, Publisher: MacGraw-Hill Higher Education, United States of America.

Boyden. David (1965), *History of Violin Playing from its Origins to 1761 and its Relationship to the Violin and Violin Music*, Oxford University Press, London UK.

Dell'Olio. Pepina (2009), *Violin Bow Construction and Its Influence on Bowing Technique in the Eighteenth and Nineteenth Centuries*, Florida State University college of Music Press, USA.

Fétis. François Joseph, (1864), *Anthony Stradivari, the Celebrated Violin-Maker, known by the name of Stradivarius*, Robert Cocks Press, London UK.

Galamian. Ivan, (1985), *PRINCIPLES OF VIOLIN PLAYING & TEACHING SECOND EDITION*, New Jersey Press USA.

Knocker. Editha, (1948), *A. T r e a t I s e o n t h e Fundamental Principles of Violin playing*, Oxford University Press, London England.

Rapoport. Katharine, (2008), *Violin for Dummies*, Publisher: John Wiley & Sons Canada.

Rhoda. Janice tucker, (2000), *The ABC's of violin*, New York USA.

Seidel. Bridgette, (2008), *Picture yourself playing violin*, Thomson course Technology Published United States of America.

Stowell. Robin, (2001), *the early violin and viola*, Cambridge University Press UK.


**دووەم: دیدارەکان**


گفت و گۆیەکی تایبەت لەگەڵ وریا احمد لە ڕێگار تۆری کۆمەڵایەتی بەروار ٢٠٢١/٨/٢١ ) کاتژمێر ٨:٢١ خولەك)

گفت و گۆیەکی تایبەت لەگەڵ ڕەنجبەر خۆشناو لە ڕێگار تۆری کۆمەڵایەتی بەروار ٢٠٢١/٨/٢٣ ) کاتژمێر ٧:٤٣ خولەك)


**سێیەم: ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان**


Barbara, Shelton. (2018), Julia's Violin Academy, violinspiration.com, 10 September, available at:
https://violinspiration.com/violin-bow-parts

Annette, Roeben. (2020), Corilon violins, München Germany, 12 September, available at:
https://www.corilon.com/us/library/instruments/the-violin-bow-a-brief-depiction-of-its-history

Chihiro, Murakawa. (2020), From Yamaha Music Media, Beginning the violin, 25 august, available at:
https://www.yamaha.com/en/musical_instrument_guide/violin/play/play002.html

Ged, Richardson. (2020), 24 Essential Violin Bowing Techniques You Need to Know, last update 12$^{th}$ august, available at:
https://zinginstruments.com/violin-bowing-techniques /

Zlata. (2020), 24 Different VIOLIN BOWING Techniques, last update 26 February, available at:
https://violinlounge.com/24-different-violin-bowing-techniques-violin-lounge-tv-353

## اسلوب استخدام القوس لالة الكمان
## (فرقة اربيل الموسيقية نموذجآ)

**كاوان احمد الياس    هەژار احمد مصطفى**
قسم الموسيقى- كلية الفنون الجميلة/ جامعة صلاح الدين-اربيل

**ملخص**

دراسة تحليلية وصفية, أسهب الباحث و بطريقة علمية البدء بالمواضيع المتعلقة بألة الكمان, وكيفية استخدام اداة (القوس) لعازفي فرقة أربيل الموسيقية.ان الة الكمان تعتبر من الالات الوترية القوسية ولها مكانة متميزة في الفرق الموسيقية وعندما تستخدم مع الالات الموسيقية الاخرى, تبرز أمكانياتها الصوتية والفنية, ان هذه الالة وعندما استخدمت في فرقة أربيل الموسيقية كانت لها اثر كبير في الارتقاء بالمستوى الفني للفرقة لذا كان من ضروري ان يقدم الباحثان بحثهما على هذه الالة الرئيسية وكانت التركيز على كيفية استخدام اساليب تقنيات اداة القوس في فرقة أربيل الموسيقية.

ويستند محتوى ومنهجية البحث على عدد من المواضيع. الموضوع الاول للبحث أحتوى على تعريف الالة وتعريف (أداة القوس) من النواحي الفنية والتاريخية بالاضافة الى انواع أداة القوس المستخدمة وفق العصور المختلفة من خلال تحليل وتنفيذ اسلوب وتقنيات استخدام اداة القوس من ديناميكية وسرعة القوس والنقاط الموصولة والمتعلقة بالموضوعات التقنية لاداة القوس. ثم احتوى الموضوع الثاني على التعابير وتقنيات الة الكمان وهي (24) تقنية مختلفة تبرز الاداء الفني عند استخدام اداة القوس ثم تناول الباحثان نشؤ و فرقة أربيل الموسيقة ومكانتها التاريخية بين الفرق الموسيقية الاخرى في المنطقة وابرز الباحثان الجوانب الفنية لتقنية الة الكمان في فرقة أربيل الموسيقية مبيناً تحليلاتهما بالنوتات الموسيقية و مستنداً على المصادر والمراجع الموثوقة.

**الكلمات المفتاحية** : قوس الة الكمان, الة الكمان, الفرق الموسيقية, فرقة أربيل الموسيقية.

## The Method of using violin bow
## (Hawler Music Band as a Sample)

**Kawan Ahmad Elias    Hazhar Ahmed Mustafa**
Music Department- Fine Arts College/ Salahaddin University-Erbil

**Abstract**

It is a descriptive and analytical research; in this research the researchers show some topics and subjects on the way of using violin bow in Hawler music band. The violin instrument is defined as one of the string instruments with bow and its status and characteristic is different from other instruments in using performance techniques with bow, in the history of Hawler music band, this instrument has had a major and an effective role among the instruments of this band in their artistic work. Therefore, the researcher found this research as a necessary one to study styles and techniques of using bow scientifically in Hawler Music band.

The content and methodology of this research is made of some topics :Section one is about defining violin instrument, then the definition of violin and its historical side is analyzed in addition to types of violin bow according to different ages of music. The elements of violin bow are mentioned in terms of its parts and the importance of each part. After that, the directions of violin bow are discussed, and holding the violin scientifically are explained. Analyzing and performing styles and techniques of violin bow is another topic of this research in which techniques and styles of violin bow are mentioned in different aspects including dynamic examples and their performance through violin bow, the speed of bow, weight and the relation point of bow. Next, a comprehensive study on techniques and intonation of violin bow are discussed in which the techniques are 24. After finishing these topics, a short historical background of Hawler music band is mentioned. The use of style and techniques of violin bow in the work of Hawler music band are examined in a way all techniques and styles which are relevant to violin bow are analyzed depending on music score and resources.

**Keywords**: violin instrument bow, violin instrument, music band, Hawler Music Band.